# دەسـەڵات، دیمـوکراسی، رۆژهـەڵاتی نـاویـن

## خۆرهەڵاتی ناوین و داهاتووی ئاسایشی ناوچەیی

## شەڕ، تورکیا، جیهانی سەردەم

خۆشناو عەبدوڵڵا

### دەسەڵات، دیموکراسی، رۆژهەڵاتی ناوین

هەرچەند کە ساڵی **2000** نیشانەی کۆتایی سەدەی بیستەم بوو بەڵام کۆتایی راستەقینە لە بەشی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی دا دەگەڕێتەوە بۆ دەیەیەك پێشتر, واتە کۆتایی دەیەی هەشتا و سەرەتای دەیەی نەوەد, کە لەو دا پاش سەردانەکانی گۆرباچێف بۆ ئامریکا و ئەورووپا شەڕی سارد بە فەرمی کۆتایی پێهات و بە کودەتای " یەلتسین" یەکێتی سوڤییەت وەك جەمسەرێکی بەهێزی ئایدۆلۆژیك تێکڕما. ئەم ئاڵوگۆڕانە بوونە هۆی ئەوە کە بڕێك لە توێژەرانی بواری رامیاری بگەنە ئەو قەناعەتە کە سەردەمی جیهانیبوون دەستی پێکردوە و بۆتە جێگری سەردەمی شەڕی سارد. بە باوەڕی ئەم توێژەرانە تایبەتمەندی ئەم رەوتە بریتی بوو لە پەرەی تیجارەتی جیهانی، پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی پێوەندییەکان، پەرەی ناوەندگەلێکی سەربەخۆ لەدەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەروەها لاوازبوونی حاکمییەتی دەوڵەت–نەتەوەکان لە ئاستی حقوقی دا.

بێگومان باس لە شوناسەی نیزامی نێونەتەوەیی لەمەوبەدوا بە شوێن دەورو خوولی دیموکراسی لە جیهانی داهاتوو دا دەگەڕێ. هەر ئەم هۆیەش بوو کە سەردەمی شەڕی سارد و لە دەیەی حەفتا ڕا بوو بەهۆی پێشکەوتنی رۆژئاوا لە بەرامبەر یەکێتی سۆڤییەت و لە کێشەی ئایدۆلۆژیکی دا ، چێژو پرستیژی یەکێتی سۆڤییەتی کەم کردەوە.

کۆتایی شەڕی سارد گوڕوتینێکی تایبەتی بە گەلاڵەی دیموکراتیزەبوون لە سەراسەری جیهان بەخشی, بە جۆرێ کە لە بەڵگەنامە فەرمێکانی ناوەندە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دا مەشرووعییەتێکی کەم وێنە بە دیموکراسی بەخشرا و رێژیمە پاوانخوازەکان کەوتنە ئاستێکی بەرتەنگ.

شك لەوەدا نییە کە نیزامی نێونەتەوەیی لەپاش کۆتایی شەڕی سارد جیاواز دەبێ لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد. " هانتینگتۆن" لەسەر ئەم باوەڕەیە کە کێشە و بەربەرەکانێکانی جیهانی پاش شەڕی سارد, پێچەوانەی سەردەمی پێشوو کە بە تەواوی مانا ئایدۆلۆژیکی بوون بە هۆی هۆکارە کولتوورییەکانەوە پێکدێ. هەروەها پێکهاتەی جیهانی دوو جەمسەر دەگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی ( یەك– فرە جەمسەر) کە لەودا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا وەك تاکە هێز لە بواری رامیاری، ئابووری و سەربازی لەگەڵ سێ جەمسەری ئابووری " ئاڵمانیا" ، " ژاپۆن" و "چین" و هەروەها جەمسەری بەهێزی سەربازی " بریتانیا"، فەرەنسا" و "رووسیا" دەور دەگێڕن.

هانتینگتۆن بۆ ئەم باوەڕەی خۆی ئاماژە دەکاتە رۆژهەڵاتی ئەورووپا و وڵاتانی وەك : چێك، ئیسلۆڤاکی, پۆلۆنیا، بۆلغاریا, رۆمانیا، ئۆکراین، ئەرمەنیستان، گۆرجێستان، لیتوانی و ئێستۆنی کە رۆژانێك بەشێك بوون لە بەرەی دژ بە رۆژئاوا لە بەستێنی کێشەیەکی ئایدۆلۆژیکی دا, بەڵام ئێستا هەموان بە گشتی چوونەتە ناو پەیمانی "ناتۆ"، بەشێکی زۆریشیان خراونەتە پاڵ یەکێتی ئەورووپا , یان خەریکن دەخرێنە نێو ئەم یەکێتییەوە. هەروەها لەیەك دوو ساڵی رابردوودا لە وڵاتەکانی ئۆکراین، گورجێستان و قرقیزێستان، شۆڕش گەلێکی نارنجی، مەخمەڵی و سوور رووی دا کە لەودا لاینگرانی بەرەی دیموکراسی( وەك فەرهەنگی زاڵ لە رۆژئاوا) کۆتاییان بە تەمەنی دیکتاتۆرەکانی لایەنگری رووسیا(وەك کولتووری زاڵ لە رۆژهەڵات) هێنا.

ناوچەی کەنداویش وەك بەشێکی ستراتژیك – ئێکۆنۆمیك لە جیهانی سەردەم, بێگومان لە ژێر کارتێکردنی ئەم ئاڵوگۆڕانە دا جم و جوڵی سیاسی – کۆمەڵایەتی بە خۆیەوە بینی. سەرهەڵدانی رادیکالیزمی ئایینی وەك کولتوورێك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەرەی کولتووری رۆژئاوایی کە بە پرتاو خەریك بوو ئاڵوگۆڕی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی نەریتی ئەم ناوچەیەدا دێنا، بەشێك لەم جم و جوڵانە بوون کە بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئایینی لە ئێران و پێکهاتنی دەوڵەتێکی ئایینی و بەکردەوە دژ بە رۆژئاوا ئەم جم و جوڵە بەرچاوتر بووە و بە سەرهەڵدانی تاڵیبان لە ئەفغانستان گەیشتە لووتکە. بێ گومان بەشێك لە رووناکبیرانی ئایینی رۆژئاوایان سەبەبی هەموو گیروگرفتەکانی ناوچە دەدیت. کەوابێ بەستێنی بەربەرەکانی لەگەڵ رۆژئاوا, بەربەرەکانی لەگەڵ کولتووری ئەم بەشە لە جیهان کە بریتی بوون لە بیرۆکەی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئازادی و یەکسانی ژن و پیاو کە بەهۆی رۆژئاواییەکانەوە گەڵاڵە کرابوو و لە دژایەتی لەگەڵ نەریتی کۆمەڵایەتی – کولتووری ئەم ناوچەیەدا بوو پێکهاتەیەکی پاوانخوازانەی بە خۆیەوە گرتبوو.

لەراستی دا ئەمڕۆ لە پاش تێکچوونی یەکێتی سۆڤییەت, وەك پارێزەر و ئیدۆلۆگی دیکتاتۆرییەت لە رۆژهەڵاتی ناوین کێشەکان روونتر و بەرەکان ئاشکراتر بوون. لە ئێران بەرەی حاکم بە کەڵك وەرگرتن لە ئایدۆلۆژی ئایینی شیعە، هیچ مافێکی تاك و سەربەخۆ بە فەرمی ناناسێ و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی دەسەڵات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تووشی شەڕ و کێشە بووە. کەمینەکانی کورد, ئازەری، بەلووچ و عەرەب داوای مافی چارەنووس لە ئێرانێکی فیدراڵ و دیموکرات دا دەکەن.




**کاربەدەستانی تورکیا بە هەڕەشە بۆ سەر سنورەکانی ئەو وڵاتە، جگە لەوەی کە دەیانهەوێ حوکومەتی هەرێمی کوردستان وەك سەمبولی ئێراقی دیموکرات لاواز بکەن. لە هەمان کاتدا بەدەس تێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێراق دەخوازن پێش بە ئاسایی بوونەوەی کەرکووك, وەك بەشێك لە پرۆسەی بە دیموکراسی بوونی ئێراق بگرن**

لە تورکیا کەمینەی کورد داوای مافی چارەنووس بە هەمان شێوە دەکا، لە ئێراق بەربەرەکانی کەمینەی کورد بوو بە هۆی بەدیهاتنی هەرێمێکی فیدراڵ و بە هۆی نیزیکی کولتووری بۆتە هاوپەیمانێکی نیزیکی ئامریکا.

لە سووریا پاوانخوازایەتی شێعەی عەلەوی لە چوارچێوەی حیزبی بەعس دا ئەهوەنی خستۆتە بەرەی دژ بە دیموکراسی و هاوپەیمانێکی نیزیکی ئێرانە، لە لوبنان گروپی **14**ی مارس کە وەك نوێنەرانی بەرەی دیموکراسی چاویان لێدەکرێ لەگەڵ گروپی **8**ی مارس بە سەرۆکایەتی " میشل عەون" ژنێراڵی دیکتاتۆر و خوێن ڕێژی دەیەی هەشتا کە دەیان جار تاوانبار کراوە بە وەرگرتنی کەل و پەلی نیزامی لە سەددام, لەگەڵ حیزبوڵڵا و ئەمەل، وەك دوو نوێنەری ئێران لە لوبنان ئەم وڵاتەی کردۆتە گۆڕەپانی بەربەرەکانی، لە نێوان بەرەی سەر بە دیموکراسی لەگەڵ بەرەی پاوانخوازی ، بەگشتی دەشێ بارودۆخی کولتووری رۆژهەڵاتی ناوین بەم شێوەیە پێناسە بکەین کە دوو بەرە دەیانهەوێ دەس بە سەر ئەم ناوچەیە دابگرن، بەرەی پاوانخواز و بیرۆکەی نەریتی بە پشتیوانی دۆلارە نەوتییەکانی ئێران (راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ) کە هاوپەیمانانی بریتین لە بەشێك لە شێعە و سوننەی ئێراق، حیزبوڵڵا، ئەمەل و جەریانی میشل عەون لە لوبنان، سووریا و تورکیای سەردەمی ئۆردۆغان و گروپە ئایینییە رادیکاڵەکانی میسر و ئۆردۆن.

دووهەم بەرەی دیموکراسی بە لایەنگری لە رۆژئاوا کە بریتین لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی رۆژهەڵاتی ناوین و کەمینەکانی تری ناو ئێران، گروپی **14**ی مارس لە لوبنان ، ئۆپۆزیسیۆنی سووریا.

ئامریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین بۆ پەرەی دیموکراسی ستراتژی (ئاشتی دیموکراسی) وەك ستراتژیکی جیهانی پەیرەو دەکا، چونکێ بە پێی ئەم ستراتژییە هیچ کات وڵاتە دیموکراتیکەکان لەگەڵ یەکتر بە شەڕ نایەن. کە وابێ هەر چەندە وڵاتی دیموکراتیك لە جیهاندا زیاتر بن، ناوچە و بەستێنی ئاسایش و ئاشتی فراوانتر دەبێ.

### خۆرهەڵاتی ناوین و داهاتووی ئاسایشی ناوچەیی

توێژەرانی بواری سیاسی ئەمڕۆ , یەکجار زۆر تامەزرۆن بۆ موتالای کێشە ناوچەییەکان, بە جۆرێ کە تێکهەڵچوونەکانی ناوچەیی، کات و ساتێکی زۆری سیاسەتوانانی بۆ خۆی تەرخان کردوە. ناوچەکان بە پێ بارودۆخ و هۆکارگەلێکی دەوامدار یان بێ دەوام تاریف دەکرێن. لە جوغرافیای ناوچەدا کەمینە نەتەوایەتێکان وەك هۆکاری یەکەم و بارودۆخی ئابووری و نیزامی سیاسی وەك هۆکاری دووهەمی پاراستن و دەستەبەرکردنی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی باسیان لێدەکرێ.

بە هۆی ئەوەی کە گەڵاڵەی دانانی سیاسەتە ناوخۆییەکان و ئاکاری ئەمنی حوکومەتەکان لە وڵاتانی پەرە نەستاندو شوناسەیەکی ناوچەیی هەیە هەتا جیهانی، هەر بۆیە پێناسەکردن و توێژینەوەی بارودۆخی ئەمنی ناوچەیی گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

بێگومان یەکێك لەو ناوچە گرینگانە، ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین بە ناوەندایەتی کەنداوە, کە هەم سەردەمی شەڕی سارد و هەم لە سەردەمی ئێستا، شەڕ و نائەمنییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و لە هەمان کاتیشدا زۆر ستراتژی و بیرۆکەی سیاسی بۆ دابین کردنی ئاسایش و ئەهوەنی لەم ناوچەیەدا هاتۆتە ئاراوە.

یەکێك لەو ستراتژییانە پێکهێنانی ژیئۆپۆلۆتیکێکی ئابوورییە لە ناوچەدا، لە راستی دا ئیدئۆلۆگەکانی ئەم ستراتژییە لەسەر ئەم باوەڕەن کە دابینکردنی ئاسایشی ناوچە لە گرێو پەرەی ئابووری، دامەزارو لەسەر بنەمای هاوکاری هەمە لایەنەی وڵاتانی ناوچەدایە. ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن کە تەنیا رێگای گونجاو بۆدەرچوون لە جەغزی شەڕ و تێکهەڵچوون لە ناوچەدا, زەمانێك بەئاکام دەگا کە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوکاری و یەکگرتوویی کولتوری –سیاسی لە نێوان وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، بۆ بەهێزکردنی بارودۆخی ئابووری ناوچە و تێکەڵکردنی هەرچی زیاتری لەگەڵ بازاڕەکانی جیهانی سەرکەوتوو بێت.

هەرچەندە لەسەردەمی شەڕی سارد مایل نەبوونی هەندێك لە رێبەرانی ناوچە بە هۆی روانینی چەپی، هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەم ستراتژییە بوو، بەڵام لە پاش رووخانی یەکێتی سۆڤییەت، هەوڵەکان لە چوارچێوەی پەرەی ئابووری بە پێ ی پێکهاتەیەکی لیبرالیستی بوو بە ئامانجی وڵاتانی ناوچە(جگە لە ئێران).

"ئێستیڤان پلات" لەسەر ئەم باوەڕەیە کە تەنیا رێگاچارەی خۆرهەڵاتی ناوین بۆ دەربازبوون لە کێشەکان رەچاوکردنی گەڵاڵەی " وێنیزی" پەرەی ئابوورییە, بە باوەڕی " پلات" دەوڵەت – شاری وێنیز تەنیا لە رێگای تیجارەتی ئازاد، لیبرالیزم و دەوامی سیاسی توانی بۆ چەندین سەدە لەگەڵ ئەوەدا کە خاوەنی هیچ کانێك و بەهرەیەکی ژێرزەوینی نەبوو، بەڵام بەهێزترین، دەوڵەمەندترین و سەربەخۆترین وڵاتی ناوچە بێ.

هەر بەم پێیە بانکی جیهانی بەراوەردی کردوە، ئەگەر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بتوانن ئەم فاکتەرە گرینگانە لە بەرچاو بگرن، بە جۆرێ کە بتوانن قەیرانی کەمینە بە شێوەیەکی دیموکراتیك و هەمیشەیی چارەسەر بکەن و بگەنە ئاستی دەوامی سیاسی، رێگا بۆ پەرەی ئابووری خۆش دەبێت و تا ساڵی **2010** وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەتوانن هیوا بە ژیان بە رێژەی **10** ساڵان ببنە سەرێ، بێسەوادی بنەبڕ بکرێ دەتوانن ببنە خەنیمی وڵاتانی پێشکەوتوو لە باری ئابووری و رێژەی پاشەڕۆکی دراو بگەیەننە میلیاردها دۆلار. بانکی جیهانی هەروەها لەسەر ئەم باوەڕەیە کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە دەبێ بەشی تایبەتی بەهێز بکەن و رادەی دانوستانی سامانی دەرەکی لە وڵاتەکەیان پەرە پێبدەن. ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی دیموکراتیك دا دەس دەکەوێ. بەواتایەکی تر هاتنەسەرکاری دەوڵەتە دیموکراتیکەکان دەبێتە هۆی لەناوچوونی کێشەی کەمینە و پەرەی ئابووری لە ئاستی ناوخۆیی و لە ئاکامدا یەکگرتوویی ناوچەیی و لە ناوچوونی ئەو کەلەبەرانەی کە بنەمای سەرەکی کێشە و بەربەرکانی نێوان وڵاتانی ناوچەن. یەکگرتووی ئابووری ,دابینکردنی باری ئەمنی لە ناوچەدا پێکدێنێ.

بێگومان کۆتایی شەڕی سارد بوو بە هۆی ئاڵوگۆڕی لە چۆنیەتی بەردەوامی ئاسایش.بەمەبەستی بەردەوامی ئاسایش بە هۆی بەڕێوەبەرایەتی فەرەلایەن, کە لەسەر بنەمای ستراتژی هاوسەنگی هێز و دەسەڵات(بەکەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات بۆ بەربەستی لە دەسەڵات) دامەزرا بوو.

بە باوەڕی ستراتژیستەکان، کاتێك گەلانی ناوچەیەك بگەنە ئاستێکی بەرز لە کولتووری مەدەنی، بەدەسەڵات گەیشتنی حاکمان بە شێوەی نەریتی و پاوانخوازی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بەرەو ئاستێکی دیموکراتیك لە نێوخۆدا تێدەپەڕێ. ئەم رەوتە لە دەرەوەش دا رەنگدانەوەی دەبێ , بە جۆرێ کە لەئاستی ناوچەیی دا دەبێتە هۆی هەست بە بەرپرسایەتی کردنی هەمە لایەنە بۆ ئیدارەی ئاشتی و ئاسایش لە چوارچێوەیەکی هەمە لایەنەدا, لە وەها کەش و هەوایەك دا, زلهێزێکی ناوچەیی بە تەنیا مافی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و ئاشتی لە ناوچەدا نییە، بەڵکو دەکرێ کە رێکخراوەیەکی ناوچەیی وفرەنەتەوە نێوبژیوانی ئاشتی و پاراستنی ئەو بارودۆخە وەئەستۆ بگرێ.

ئەو شێوە لە دەستەبەرکردنی ئاسایش بەدەستەبەرکردنی ئاسایشی هەمەلایەنەی " ویلسۆنی" ناسراوە، کە لەودا ئاشتی بە شێوەیەکی فرەلایەن و لە جێگەی خۆیدا بە بێ ئیزن دان بەدەس تێوەردانی زلهێزە جیهانییەکان بە شێوەی نتم کردن وئەدەب کردنی وڵاتێکی سەرەڕۆ لە لایەن وڵاتانی دراوسێی ناوچە دەستەبەر دەبێ.

### شەڕ، تورکیا، جیهانی سەدەم

کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئەگەرچی بە مانای کۆتایی شەڕێکی سەربازی پەرە ئەستاندو بوو، بەڵام سەرەتایەك دەژمێردرێ بۆ شەڕێکی ئایدۆلۆیکی لە نێوان یەکێتی سۆڤییەت وەك جەمسەری کۆمۆنیزم و لایەنگرانی لەبەرامبەر ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا وەك جەمسەری کاپیتالیزم و هاوپەیمانانی.

لە بەستێنی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیشدا ئەم ئاڵوگۆڕییانە بوو بە هۆی ئەوەی کە سیستمی نێونەتەوەیی لە پێکهاتەیەکی فرە جەمسەر ، بگوێزرێتەوە بۆ پێکهاتەیەکی دوو جەمسەر. دامەزراو لەسەر ئایدۆلۆژی، کێشە و بەربەرەکانی سارد.

لەوەها کەش و هەوایەك دا هەر کام لەم دوو جە مسەرە، خەریکی خۆرێکخستن و نەزمدان بوون بە لایەنگرانی خۆیان لە چوارچێوەی ستراتژی سیاسی، ئابووری و سەربازی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەر. بە جۆرێ کە دەشێ لە ئاکامەکانی ئەم هەوڵانەدا ئاماژە بە پەیمانگەلێکی وەك " ناتۆ"، " وەرشۆ" ، " سێنتۆ" ، " ئا سێ ئان" و .... بکرێ.

هەر لەو سەردەمەدا " جۆرج کێنان" راپۆرتی ستراتژی خۆی لەمەڕ چۆنیەتی بەربەرەکانی لەگەڵ بەرەی کۆمۆنیزم ئاراستەی کاربەردەستانی ئەمریکا دەکات، کە لەوەدا خۆرهەڵاتی ناوین بە گشتی و ناوچەی کەنداو بەتایبەتی، وەك ناوچەیەکی ستراتژیك ، رێزی لێدەگیرێ. ئامریکاییەکان بۆ پێشگرتن لە هەڕەشەی یەکێتی سۆڤییەت بۆ سەر چاڵە نەوتییەکانی ناوچەی کەنداو زۆر گەڵاڵەی ستراتژیکی وەك: گەڵاڵەی پێشنیاری " ترۆمەن" پەیمانی بەغدا دادەڕێژن کە لەوان دا تورکیا خاوەن گرینگایەتییەکی ستراتژیك دەبێ. لە راستیدا تورکیا بە هۆی بەرینایی جۆغرافیایی کە هاوسنوری کۆمارەکانی ئەرمەنیستان، ئازەبایجان و دەریای ڕەش (وەك تاکە رێگەی ستراتژیکی دەریایی سۆڤییەت لەگەڵ جیهانی دەرەوە) بوو. کەش و ..............

←